## تۆڕی تیرۆریستیی شێخ زانا، بەناوی جیهادو شەریعەتی خوا:

# کوشتنەوە... پارچە پارچەکردن... نێربازی...

### سەرەتاکانی ناسینی شێخ زانا

**ملازم دلێری تیرۆریست سەرەتای ئاشنابوونی بە شێخ زانا دەڵێت:** لە ساڵی 1995و 1996 هاتووچۆی باخچەی خانزادم دەکرد لە پۆلی دووی متەوەستە بووم، ئەوکات من کوڕێکم ناسی بە ناوی زانا، کابرایەکی تریشی لەگەڵدابوو بەناوی مەهدی، ئەوکات مەرحەلە یەکی کولیەی هەندەسە بوو، چوومە ماڵیان پێی گوتم دەرسی ئایینیت پێ دەڵێم، دەرسی تەفسیر و عەقائیبت پێ دەڵێم، منیش ئەوکات لە مزگەوت هەندێک قورئانم خوێندبوو، خەریکی خەتم کردن بووم، لەلایەک پاکەت فرۆش بووم لەلایەکی تر خەریکی دیراسەکەی خۆم بووم، ماڵی شێخ زانا لە گەڕەکی سێتاقان بوو، شێخ زانا پێی گوتم واز لە پاکەت فرۆشی بێنە من ئیشێکت بۆ دەبینمەوە، منیش گوتم با ئیشێک بدۆزمەوە ئەوکات واز لە پاکەت فرۆشی دێنم، ئەوەبوو هەزار دیناری بەمن دا گوتی ئەو هەزار دینارە وەکو یارمەتیەک بۆ خۆت بێ، هەزار دینارەکەم وەرگرت و پێشی گوتم رۆژێک دەچینە دهۆک.

### سەفەرێک بۆ دهۆک و هێنانی کوڕێک

دلێری تیرۆریست باسی یەکێک لە سەفەرەکانی دەکات بۆ دهۆک و زاخۆ لەگەڵ شێخ زاناو دەڵێت: ئەمن و هیمداد و شێخ زانا بەیەکەوە چووینە دهۆک، مەبەستی سەرەکیشمان بۆ چوونە دهۆک بۆ ئەوەبوو کە زیاتر ئەمن بۆ لای خۆی کەسب بکات، سەفەرێکیشمان کرد بۆ زاخۆ، لە کاتی هاتنەوەمان بۆ دهۆک دیاربوو کەسێک هەبوو شێخ زانا پێشتر تەعارفی لەگەڵ هەبوو، لەسەر ڕێگە دەستی لێ ڕاگرتین، شێخ زانا گوتی دلێر ئا ئەوە ئەو کەسەیە، کە کەسەکە لەگەڵمان سوار بوو، شێخ زانا گوتی پێویست ناکات بگەڕێینەوە دهۆک و یەکسەر با بگەڕێینەوە بۆ هەولێر، ئەو کوڕەمان هێنایە ماڵی شێخ زانا کە خەڵکی دهۆک بوو.

### دەست گەمە لەگەڵ کوڕەکە دەکەن و سەری دەبڕن

ملازم دلێر باس لە چۆنیەتی سێکس کردن لەگەڵ ئەو کوڕە دەکات کە لە دهۆک لەگەڵ خۆیان هێنایان و دواتر چۆن سەری دەبڕن و دەڵێت: پێش ئەوەی شێخ زانا کوڕەکە بباتە حەمام پێی گوت جلەکانت لەبەربکەوە، کوڕەکە جلەکانی لەبەرکردەوەو ئەوەبوو چەند دەست گەمەیەکی لەگەڵ کردو شێخ زاناش جلەکانی خۆی لەبەرکردەوەو بەمنیشی گوت کە جلەکانی خۆم لەبەر بکەمەوە، ئەوەبوو پێکەوە دەستگەمەمان لەگەڵ ئەو کوڕە دەکرد، دوای تەواوبوونی دەستگەمەکە شێخ زانا گوتی بیبە حەمام، دیاربوو تەلەفۆنی بۆ ئامۆزایەکەی خۆشی کردبوو کە پێشتر تەعاروفمان کردبوو ناوی ئەژی بوو، تەلەفۆنی بۆ ئەژی کردبوو کە کوڕێکی وامان هێناوە لە دهۆک، کوڕەکەمان بردە حەمامی دیوەخان، شێخ زانا بەکاتم سەوت لە پشت سەری داو بەمنی گوت ئێمە تەئکید نیینە کە ئەو کوڕە کوژرایە دەبێت سەری ببڕی، ئەوەبوو منیش سەرم بڕی.

### یوسف و یەعقوب تەرمەکە دەبەن

پاش سەربڕینی کوڕە دهۆکیەکە دلێر باس لە چۆنیەتی گواستنەوەی تەرمەکەی دەکات و دەڵێت: پاش ئەوەی سەرم بڕی، دیاربوو یەعقوب و یوسف ئاگادارکرابوونەوە کە بێن مەیتەکەی ببەن، ئەوەبوو یەعقوب و یوسف بە بەرازیلێکی تەکسی هاتنە ماڵی شێخ زانا، لاشەکەی لە ناو گوشی شەکر کراو سەرکەکەی لە ناو عەلاگەیەکی ڕەش، ئەمن و یوسف لاشەکەمان دەست کردێ، هاویشتمانە ناو سندوق لەگەڵ سەرکەکەی، یەعقوبی برای یوسفیش سیاقەتی دەکرد لە تەنیشت گەراجی بەغدا ساحەیەکی گەورە هەبوو ئێستا بویتە بینایە لەوێ لاشەکەمان فڕێدا، یوسف بەمنی گوت سەرکەکەی فڕێ نادەم لەبەر ئەوەی سەرەکەی دەناسرێتەوە، دەچم لە شوێنێکی تر فڕێی دەدەم، بۆ ڕۆژی پاشتر زانیم کە یوسف لە پشت دەواجن قۆرتێکی هەڵکەندووە و سەرکەکەی شاردۆتەوە لە فکرم چوو ئەوەش بڵێم کە لە ڕێی یوسف و هیمداد فێرە سیاقەت و سیلاح بووم.

### تەدریب کردن لە پشت شاوێس

ملازم دلێری تیرۆریست باسی ئەوەی کرد کە لە ڕێی یوسف و هیمداد فێرە سیاقەو سیلاح بووە، ئێستا وردەکاریەکان دەڵێت:
شێخ زانا تەعاروفی لەگەڵ یوسف پێکردم بۆ ئەوەی فێرە سیلاح بم، ئەوەبوو رۆژێکیان ئەمن و یوسف پێکەوە چووینە پشت شاوێس لەوێندەر دەمانچەو ویزەو رومانەمان بەکارهێنا، هەر لەو ماوەش لە ڕێیی هیمداد فێرە سیاقەت بووم.

## بەشێک لە دانپیانانەکانی تیرۆریست ملازم دلێر

**پاش زنجیرەیەک کاری تیرۆریستی نامرۆڤانە لە پایتەختی کوردستان هێزەکانی ئاسایش و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی پاراستنی سەقامگیری توانییان تۆڕێکی زۆر ترسناک و گەورەی تیرۆریستی بەناوی تۆڕی شێخ زانا و هاوکارەکانی دەستگیر بکەن، سەرنج لەکارە نامرۆڤەکانی ئەو کوڕە بدەن کە چۆن بەناوی ئایین وجیهاد و حوکم کردن بە شەرعی خوا گەنجیان فریوداوە و دواتر دەستیان کردووە بە سەربڕینی خەڵک و کاری سێکسی و نێربازی و مەشروب خواردنەوە و ئەتک کردنی کچان و چەندین کاری قێزەوەنیتر کە دواجار هەر هەمووشیان بەناوی جیهاد و ئەرکەکانی موجاهید و شەرعی خوا ئەنجام داوە، «خەبات» بە زنجیرە لێدوانی ئەو تیرۆریستانە بە زمانی خۆیان و دەق بڵاو دەکاتەوە:**

2



### تیرۆریست ملازم دلێر:

## من و یوسف بۆ فێربوونی سیلاح لە پشت شاوێس دەمانچەو ویزەو رومانەمان بەکاردەهێنا




### تیرۆیست ملازم دلێر:

**ئەو کوڕەی لە دهۆک هێنامان، پاش دەست گەمەکردن، لە حەمامی دیوەخان شێخ زانا بە کاتم سەوت لە پشتی سەری داو بەمنی گوت ئێمە تەئکید نینە کە کوژرایە پێویستە سەری ببڕی، ئەوەبوو منیش سەرم بڕی.**



### شێخ زانا دەینێرێتە کولیەی شورتە

لە کاتی تەواوبوونی ئیعدادیەشم شێخ زانا پێی گوتم دەبێ بچیە کولیەی شورتە، ئەوەبوو، تەقدیمی کولیەی شورتەم کردو نەتائیجی کولیەی شورتە دەرچوو بوومە تەڵەبە لە کولەیەی شورتە.

### شەوێک لە ماڵی شێخ زانا

لە کاتی تەڵەبایەتیم شێخ زانا پێی گوتم شەوێک دەبێت لەلام بمێنیتەوە هەندێک شت هەیە دەمەوێ پێت بڵێم، ئەوەبوو شەوێ لە ماڵیان بووم، شێخ زانا پێی گوتم دلێر شتێک هەیە دەمەوێ پێت بڵێم کە هەتا ئێستا هیچ کەسێک ئەو شتەی ئەنجام نەداوە و نەشی کردووەو پێویستیشە کە موسڵمان ئەو شتە بکات و ئەنجامی بدات، بۆ ئەوەی هیچ شتێک لە بەرامبەری نەوەستێ و هیچ شتێک نەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئیشەکانی، ئەوەبوو پێی گوتم ئێمە پێویستمان بە موخابەراتێکی ئیسلامی هەیە بۆ ئەوەی هەموو شتێک جێبەجێ بکەن.

### موخابەراتی ئیسلامی و مومارەسەی سێکسی

دلێر باسی ئەو شەوە دەکات کە چۆن شێخ زانا مومارەسەی سێکسی بە یەکێک لەو خاڵە گرنگانە دەزانێ کە پێویستە موخابەراتی ئیسلامی بەکاری بێنی و تائێستاش هیچ گروپێکی ئیسلامی ئەمەی جێبەجێ نەکردووە و دەڵێت: شێخ زانا گوتی پێویستمان بە موخابەراتێکی ئیسلامی هەیە بۆ ئەوەی هەموو شتێک جێبەجێ بکەن، دەبێت لەو موخابەراتە هەموو شتێک تەنفیز بکرێت، ئێمەش پێویستمان بەو سیلاحە گەورەیە هەیە کە تا ئێستا موسڵمانێک وە هیچ گروپێکی ئیسلامی ئەو شتەی تەنفیز نەکردووە، ئێمە پێویستە ئەو موخابەراتە بەکاربێنین، نوقتەیەکی گرنگی نێو ئەو موخابەراتە کە پێویستە ئێمە بەکاری بێنین مومارەسەی جنسیە.

### مومارەسەی سێکسی و نەجاحەتی موسڵمان

دلێر لە درێژەی باس کردنی شەوێک لە ماڵی شێخ زانا، ئەو وردەکاریانە دەخاتە ڕوو کە چۆن شێخ زانای تیرۆریست پەیوەندی دروست دەکات لە نێوان سەرکەوتنی موسڵمان و کاری سێکسی و دەڵێت: شێخ زانا پێی گوتم کە یەکێک لەو خاڵانەی گرنگە موخابەراتی ئیسلامی بەکاری بێنی مومارەسەی جنسیە، چونکە موسڵمان لە هەموو ئیشەکانی نەجاحەت دێنی تەنیا لەو ئیشە نەبێ کە وەکو کۆسپ دێتە پێشی و دەبێتە ڕێگر لە ئیشەکانی و ئێمەش نابێت لەو ئیشانە داببڕێین، شێخ زانا زۆر تەئکیدی دەکردەوە کە ئەو ئیشە دەبێت بکرێت و ئەو موخابەراتە فراوان بێت.

### زانا دوازدە حەبی سەرخۆشی دەرخواردی دلێر دەدات

هەر لە درێژەی باسی شەوێک لە ماڵی شێخ زانای تیرۆریست ملازم دلێر دەڵێت: من ئەوکات هیچ شتێکم نەدەزانی دەربارەی مومارەسەی جنسی و مەسەلەی موخابەرات، من تەنیا لەگەڵیدا بووم بۆ مەسەلەی جیهاد کردن... ئەو شەوی پێی گوتم مومارەسەی جنسی بکەی بۆ ئەوەی لێی رابێی و دڵت هیچ شتێک نەکات، ئەوەبوو ئەو شەوی لە ماڵی مامەوەو نزیکەی یازدە حەب دوازدە حەبی دامێ و پێی گوتم ئەوە یەکەم ئیشە دەبێ بیکەی و بچیتە ناوی، حەبەکانیش هی سەرخۆشی بوون.



تیرۆریست کارزان



تیرۆریست وەستا فاریق



تیرۆریست یەعقوب



تیرۆریست هەڤاڵ



تیرۆریست کارۆخ



تیرۆریست مەریوان



### ملازم دلێری تیرۆریست کێیە؟

ناوی تەواوی دلێر حەیدەر عەبدوڵڵایە، موالیدی 1978ەو خەڵکی هەولێرەو لە گەڕەکی شۆڕش دادەنیشێت، لە ساڵانی 1995-1996 لەو سەردەمەی قوتابی ناوەندی بووە شێخ زانای گەورە تیرۆریستی ناسیووە و ئاشنایەتی لەگەڵی پەیدا کردووە، دلێر دەرچووی کۆلیژی پۆلیسەو بە پلەی ملازمی ئاسایش لە ریزەکانی ئاسایش دامەزراوە، چەندین کردەی تیرۆریستی سەربڕین و پارچەپارچەکردن و کاری دەستدرێژی سێکسی و نێربازی لەگەڵ گروپەکەی شێخ زانا ئەنجام داوە، دلێری تیرۆریست یەکێک بووە لە تیرۆریستە ئەکتیڤەکانی نێو گروپەکە.